## سەعدەدین ئەرگێچ
## سەرۆكی بەرەی توركمانی بۆ لڤین

# من نازانم ئەو حەساسیەتە چییە بەرامبەر بە هاتنی دوو نوێنەری پەرلەمانی توركیا بۆ كەركوك لە كاتێكدا دەوڵەتی توركیا هەتا ساڵی (٢٠٠٣) بە بەزەیی بووە لەگەڵتان

دیداری سۆران مامەحەمە – تایبەت بە لڤین
فۆتۆ سۆران مامە حەمە

**● بەرەی توركمانی، یەكێكە لە گەورەترین گردبوونەوەكانی توركمانەكانی عێراق. هەرچەندە ئەم بەرەیە لە دوای راپەڕینی‌ی ساڵی (1991)ەوە لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا بارەگا و دامەزراوەی سیاسی و ئیدارییان هەیە، بەڵام هەرگیز ئەوان دانیان نەناوە بە حكومەتی هەرێمی كوردستان و دەسەڵاتەكەیدا، بەردەوامیش لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان پارتە سیاسییەكانی كوردستانەوە بەوە تۆمەتبار كراون كە لەلایەن دەوڵەتی توركیاوە پاڵپشت دەكرێن و دژی ئەزموونی كوردستان ساز دەكرێن. دوای روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی (2003)دا ئەم بەرەیە كەوتنە ململانێیەكی توند لەسەر ناسنامەی كەركوك و گەلێك ناوچەی تری وەك تەلەعفەر و خانەقی و مەندەلی و بەهێڵێكی درێژكراوەی توركمانیان دەدایە قەڵەم. بۆ ئەمەش هەموو هەوڵەكانیان چڕكردۆتەوە لەسەر كردنی كەركوك بە هەرێمێكی سەربەخۆی توركمانی و بەتوندیش دژی ئاساییكردنەوەی بارودۆخی دیمۆگرافیانەی كەركوك و ناوچەكانی تری ئەو پارێزگایە وەستاونەوەتەوە، بەرەی توركمانی سەرچاوەی نەهامەتییەكانی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ دەسەڵاتی كوردی لە كوردستاندا.**

**سەرۆكی ئەم بەرەیە (سەعدەدین ئەرگێچ)ە، لەم چاوپێكەوتنەتایبەتەی لڤیندا زۆر بەڕوونی هەڵوێستی بەرەكەی لەسەر گشت مەسەلە پەیوەندیدارەكانی تایبەت بە كەركوك و رەوشی توركمان لە عێراق و كوردستاندا لەڕوانگەی بەرەی توركمانییەوە وەڵامی پرسیارەكانی لڤین دەداتەوە.**

**لڤین: چۆن دەڕواننە مادەی140؟ ئایا لەو لیژنەیەدا نوێنەری توركمانی تێدایە ؟ ، وە تاچ ڕادەیەک پشتگیری جێبەجێكردنی مادەكە دەكەن؟**

سەعدەدین ئەرگێچ : برای ئازیز..، جێبەجێكردنی مادەی 140 لەحاڵی حازدا زۆر ئەستەمە، لەبەر ئەوەی بارودۆخەكە وێرانە و نابێت من بێم وێرانتری بكەم ، ئایا بارودۆخی كەركوك ئاسایی كردنەوە و ئەو شتانە هەڵدەگرێت ،ئەمە هەموو ژیرێك و ئاشتی خوازێك ڕەتی دەكاتەوە ،ئێستا چی ڕوودەدات؟ چۆن ئاسایی كردنەوە لەم دۆخەدا دەكرێت ، مادەی 140 لە مادەی 58ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتەوە وەرگیراوە ، ئەگەر بەسەرپەرشتی نێودەوڵەتی و بەشێوەیەكی دادپەروەرانە جێبەجێ بكرێت باشە، ئێمە پەندێكمان هەیە دەڵێت"ئەوەی بەشیر دەمی بسووتێت ، ئاو سارد دەكاتەوە ، ئینجا دەیخوات" ، یان "ماران گەستە لە خشەی گوریسیش دەترسێت" ،راپرسییەكەی دەستورمان بینی ، هەڵبژاردنەكانیشمان لەكەركوك بینی ، كاێك ئەو شتانەمان بینی لەهەڵبژاردنەكانی2005 دا ڕوویاندا ، كەوتینە بیركردنەوە كە نابێ بەبێ سەرپەرشتی نێودەوڵەتی بكرێت ، چونكە بەبێ ئەوە ئەنجامەكەی بەهەڵە كۆتایی دێت،ئەوەش بەهۆی ئەو هەڵانەی تیایدا دەكرێت وبەسەر گەلی توركمان و شەقامی كەركوكدا دەسەپێندرێت ، بۆیە لەگەڵ لایەنە مرۆڤایەتییەكەی مادەی 140داین ، سەبارەت بەكۆچكراوان و ئەوانەی لەكاتی ڕژێمی پێشوودا زەوییان داگیركراوە ،ئەو زەوییانە ئێستا بەسەر هەر كەسێكدا بەبێ ڕەزامەندی وەرگرتن دابەشكراوە ، كەواتە ئەگەر ئاسایی كردنەوە و ڕاپرسی بەسەرپەرشی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا ئەوا زۆربەی ئەوانەی هاتوونەتە



هەر تورکمانێک لە تورکیا قسە بکات لێی تێدەگەن ، بەڵام ئایا سۆرانی لە بادینی تێدەگات

کەرکوکەوە ، بەجێی دەهێڵن و زۆربەی ئەو خانووانەی دروستکراون نا شەرعین ، لەلایەکی ترەوە مادەی 53یش خرایە دەستوورەوە کە تیایدا هاتبوو "کەرکوك وبەغداد حاڵەتی تایبەتین "، بەڵام لەدەستوردا کەرکوك لابردرا و تەنها "بەغداد" وەکو حاڵەتی تایبەتی مایەوە ، ئەوە چۆن کرا؟ ، بێگومان بەسوود وەرگرتن لە ڕەوشەکە ،لەبێ هێزی و سوود بینین و پشتگیری نێوان لایەنەکان ، ئێمە چاودێری لیژنەی ئاسایی کردنەوە دەکەین چی دەکات، ئاسایی کردنەوە ، ئامار و دواتر ڕاپرسی بەدواوەیە ،ئەگەر ئاسایی کردنەوە بەشێوەیەکی واقیعی نەکرێت ئەوا بەشداری لە ئامار و ڕاپرسییەکەدا ناکەین و هەردەم پارێزگاری لەشارەکەمان دەکەین ، شارێکی عێراقییە و خاوەنی مۆرکێکی تورکمانییە.

**ڤین: باس لە هەندێک پێشێلکاری دەکەن لەسەر مافەکانتان لەلایەن هەندێک لایەنی کوردییەوە ،ئایا دەتوانن هەندێک لەوە بدوێیت و ئەو پێشێلکارییانە چین و چۆنیش ڕوویانداوە؟**

سەعدەدین ئەرگێچ: من دەتوانم ئەو پرسیارە لە تۆ بکەم ،چونکە تۆ ئەو پرسیارەت ئامادە کردووە ، واتای ئەوەیە ئەگەر تۆ باوەڕت بەوە نەبوایە پێشوەخت نەتدەنووسی ، لەبەر ئەوەی ڕاستە من ئێستا باسم لەو شتانە کرد بەڵام تۆ پێشتر ئەمانەت نووسیبوو، کەواتە تۆ دەزانی لەم وولاتەدا چی ڕوودەدات؟ چونکە لایەنێکی سەربەخۆی، ئەوەی ڕوودەدا ئاشکرایە و چەندین حاڵەتم باسکرد ، هەر لە دامەزراندنەوە تاکو بارودۆخی شارەکە و کۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و ئەوەی لەپۆلیس و گاردی نیشتیمانیدا هەیە ، تۆش وەکو ڕۆژنامە نووس لەسەرتە تیشکیان بخەیتە سەر و لێیان بکۆڵیتەوە ،بێگومانیشم سەیر و سەمەرە دەبینیت ، تەنانەت بۆ ئەندام بوونمان لەلیژنەکان ڕێگریمان دەکەن ، مادام 53کەس کەسێك قبوڵ ناکەن ، کەواتە من لەسەر هەقم و بەهێزم.

**ڤین: مەبەستم ئەو گازاندانەیە کە لە شاشەی "تورکمان ئیلی"یەوە دەرکەوتوون و ڕاگەیاندنەکانی ئێوە پێشتر ئەمەی ووروژاندووە؟**

سەعدەدین ئەرگێچ: تاکو ئێستا بەشێوەیەکی زەق و دیاری کراو نایەتە بیرم ، بەڵام تۆ بینیوتن، ئەوەش گەیاندمی بەو قەناعەتە کەوایە!!

**ڤین : لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە کەرکوک بەشێکە لە هەرێمی کوردستان ، چۆنی لێکدەدەیتەوە و ڕات چییە؟**

سەعدەدین ئەرگێچ : لەسەرئەوە هەڵوێستمان ئاشکرایە ، ئەوەیە کە هەردەم دەمانەوێت پارێزگاری لەیەکێتی خاکی عێراق بکەین و کەرکوك حاڵەتێکی تایبەتە و بریتییە لە عێراقێکی بچووك و لەناوئەو عێراقە بچوکەشدا هەموو نەتەوەکان بەخۆشەویستی و برایەتی وسەقامگیری بژین ، ئێمە ئەوەمان دەوێت ، بەڵام ئەوەی شتێکی بوێت و کردارەکەی شێکی تر بێت، ڕەتی دەکەینەوە ، من داوا دەکەم تۆ داوادەکەیت ، بەڵام خوا ئەوە دەکات کە خۆی دەیەوێت ، ئێمە بڕوامان بەوەهەیە کە خوا شتێکی ناهەق ناسەپێنێت ،هەوڵیش دەدەین کەرکوك بگەیەنینە ئەوپەڕی سەقامگیری وپێشکەوتن و خۆشەویستی ، هیچ کێشەیەکمان نییە لەگەڵ نەتەوەی کورد دا ، بەڵگەش بۆ ئەوە تاکو ئێستا چەندین کوردی هاوڕێم هەیە کە خۆمان بەبرای یەکتر دادەنێین ، دووساڵ لە زانکۆی سلێمانی کارم کردووە و لەژێر دەستمدا ژمارەیەکی زۆر ئەندازیار دەرچوون و دواتر 6 ساڵ لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بەهەمان شێوە، بەبێ هیچ جیاوازییەك، چەندین کورد هەبوون ناڵێم هاوڕێم بوون ، بەڵکو بەڕاستی برا بووین و تاکو ئێستاش برایەتیمان بەردەوامە.

**ڤین: کەواتە کێشەتان لەگەڵ حیزبە کوردییەکاندا؟**

سەعدەدین ئەرگێچ: من کێشەم لەگەڵ نەتەوەی کورد دا نییە.

**ڤین: ئەی هۆی کێشەکان چین ؟**



سەعدەدین ئەرگێچ : من هۆکار نیم ، هیوادارم لەوانــەی کێشــەکانیان دروســت کــردووە بپرسیت ، ئەگەر بگەرێمەوە بۆ قسەکانم دەڵێم تەنها دەمەوێت پارێزگاری لە قەوارەی"کیان"ی خۆم بکەم ، زیادە رۆییشیان بەسەرەوە ناکەم ، مــن ووتم 35 ســاڵە دەســتکاریکردنی نــارەوا بەردەوامــە، بــەڵام ئێــوە هــاتن بــە3ســاڵ لــەو 35ساڵە زیاترتــان کــرد ، بۆیــە مــن متمانــەم نەماوە ، ئەگــەر دەتــەوێت بــاوەڕم پێــت بێــت دەبێت بگەرێیتەوە بۆ باری ئاسایی ، واتە ساڵی 2003 ، ئینجا دادەنیشین و بەعەقڵ و لۆجیك کــار دەکــەین و ئەوســا دەجولێینــەوە ، ئێســتا چۆن دەتوانم متمانــە بکــەم کــەدەزانم فشــاری گەورەو ڕفاندنی مــرۆڤ هەیــە ، .. ئــەم خاڵانــە کەلێنەکەی نێوانمان گەورەتر

دەکــات، بــەهیچ شــێوەیەك مــن کێشــەم نەخوڵقاندووە ، هیوادارم هەموو کەسێك بــەم سێ ساڵەدا بچێتەوە ، بــرای ئــازیزم لەســاڵی 1959 بەهـــــەمان شـــــێوە لەرێگــــــەی دەستێوەردانەوە کەلێنی گەورە دروست بــوو ، بۆ نموونە کوشتارەکەی کەرکوك ڕوویدا ، مــن ئێستا ئەوجەماعەتە لەم کاتەدا تاوانبار ناکەم و گللــەییان لێ ناکــەم لەســەر ئــەوە ، بــەڵام ئەمڕۆش هەمان سیناریۆی 59 دووبارە دەبێتەوە ، ئــیتر چــۆن متمانــە بکــەم؟! ، لــەنێوان ئــەو ماوەیــەدا چارەســەری زۆرێــك لــە فاکتــەری زامەکانی 59 کرا ، تا دەگاتە 2003 ، وەکــو ووتم وەکــو بــرا باسمــان لــەکێشــەکانی خۆمــان دەکرد کەوەکو یەك بووین ، بەڵام لە2003دا یەکــەم شــت لــەگــەڵ هاوپەیمانانــدا"هێــز"هاتــە کەرکوکەوە ، ئــەو هێزانــەش بــۆ شــارەوانی و دواتر بۆ تــاپۆ و شــوێنی تــر ڕۆیشــتن ، بەچــی هۆیەك؟ ،لەهەمان ڕۆژدا زۆرێــك لەکەلوپــەلی ئۆتۆمبێل دزران ئێمە چاوەڕێی ڕۆژێکــی وامــان دەکرد"مەبەستی رووخاندنی رژێمی ســەدامە" ، بەڵام ئەو ڕۆژە شادیمان بوو بەخــەم وپــەژارە ، لــەدوای ئــەو ڕۆژەشــەوە فشــارەکان زیادیــان دەکـــرد تـــاکو ئێســـتا لەســـەر هـــەموو دامـــەزراوەکانی کـــەرکوك فشـــار هەیـــە ، پەراوێزخســـتن و فشـــاری گـــەورەش لەســـەر کەرکوك کرا، لەبیرمــە لــەدووەم ڕۆژی هاتنــە ناوەوەی "هێزەکان" بوو ، بەرێز جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری ئێستا ، هات بــۆ کــەرکوك و بۆ ئەو خەڵکەی لە پارێزگادا بوو قسەی کــرد ، کە زۆربــەیان تورکمــان بــوون ، ڕستەیەکی ووت کەبــەجوانی لەیادمــە و چاویشــم پێــی کەوتەوە ، وەیادم هێنایەوە ، ڕستەکەش ئــەوە بوو ، ووتی" ئێمە 12 ساڵ لەباکور حوکمــان کــرد وعــەرەب 80 ســاڵ حوکمیــان کــرد ،تێربووین ، لە حــوکمڕانی ، ئێســتاش نــۆرەی تورکمانە و دەرفەتیان دەدەینــێ حــوکم بکــەن تاکو تێر دەبن" ، ئێستا دەپرسم "ئایا پارێزگــار درا بە تورکمان ؟ ، ئایــا بەرێوەبــەرە گشــتییەکان درابە تورکمــان ؟ ، ئایــا جڵەوی حوکم لە کـــەرکوك درا بــــە تورکمان تاکو تێربین؟

**لڤین: تا چەند باوەڕت بــەوە هەیــە کــە مــافی نەتـــەوەی تورکمـــان پـــارێزراو دەبێـــت لەهەرێمی کوردستاندا ، لەکاتێکدا لەدەســتوری هەرێمــدا هــاتووە ، دروســتکردنی هــەرێمێکی تــر لــەناو هــەرێمی کوردســتاندا قەدەغەیە؟**

ســـەعدەدین ئـــەرگێچ: ئـــەوەش بۆچـــوونی دیموکراسیی ئەوانەیە کە بانگەشەی دیموکراسی دەکـــەن ، دەتـــەوێت گـــەورەترین هـــەرێمی کۆنفیـدراڵی لــە عێراقـدا دروسـت بکـەیت ، بەڵام ڕێگە نادەیت هەرێمێکی تری تیا دروست بکرێت ، ئەمە چی لۆجیکێکە!

**لڤـــین: شـــاندێکی پەرلـــەمانی تورکیـــا بەشێوەیەکی نا ڕەسمی سەردانی کەرکوکیان کرد ، ئێوە چۆن دەڕواننە سەردانەکەیان بۆ کــەرکوک؟ ، دەکرێــت لــەبارەی فاکتــەری سەردانەکەیانەوە بدوێیت ؟**

سەعدەدین ئەرگێچ: پرسیار لە میوانەکە بکــە، من دەڵێیم کــەس ســەردانی هــەرێم ناکــات؟ ، هەموو نەتەوە و لایەنــەکان کــەس ســەردانیان ناکات ، ئەو هەستیارییە چییە لەهاتنی 2 نوێنەر لەوانەی لە ساڵی 1991 ەوە لەگەڵیانــدان ، ئەم هەستیاری و ترسە چییە ســەرباری ئــەوەی لــە ســاڵی 1991 ەوە لــەگــەڵتان بــە بــەزەیی بوون تــا 2003 ،ئــەوان هــاتن لێــدوانیان داو تاکو ئێســتاش لێــدوان دەدەن بــەوەش دەزانــن بۆچی هاتبوون.

**لڤین: دەڵـێن حکومــەتی تورکیا ســەیتەرەی کـــردووە بەســـەر زۆربـــەی بڕیـــار و بۆچـــوونەکانتاندا؟ ، ڕاســتی ئـــەو قســانە**

**لەکوێدا بەدەر دەکەوێت ،ئایا دەکرێت ، بەڕاشکاوی باس لەپەیوەندیتان بکەن لەگەڵ حکومەتی تورکیا؟**

سەعدەدین: برای شیرینم ، پەیوەندییەکە لەگەڵ حکومەتی تورکیادا نییە ، پەیوەندییەکە ئەوەیە ئێمە لە ڕەچەڵەکین، من تورکمانم لە ڕەچەڵەکی تورکم ، جیاوازی لەنێوان تورکمان و تورك نییە ، سەبارەت بە زمانیش هەر تورکمانێك لە تورکیا قسە بکا لێی تێدەگەن ، بەلاّم ئایا سۆرانی لە بادینی تێدەگات؟! ، لەگەڵ ئەوەی لەیەك نەتەوەن ! ، بۆیە یەك نەتەوەین ولە ڕەگ و مێژوو و کلتور هاوبەشین ، من حاشا ناکەم 350 ملیۆن لە دوامەوەیە ، کەس ناتوانێت حاشا لەوە بکات، ئێوە باس لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتدا دەکەن من دەڵێم نییە ، دەیڵێمەوە ئەو هاوکارییەی لەزۆنی ئارام هەیان بوو ، هیوادارم چارەکی ئەو هاوکارییە بکرێم ، من حاشا ناکەم کە تورکمانم ، تۆ دەتوانیت حاشا لەوە بکەیت کە کوردی؟ ، نای کەیت، ئەگەر ئەوە بکەیت لەخۆت کەم دەبێتەوە ، کەواتە من لەنەتەوەیەك بم بۆم هەیە داوای لیّ بکەم پشتگیری لە زوڵملێکراویم بکات و زوڵمەکە هەڵگرێت و یارمەتی سەقامگیری عێراق بدات..

**لڤین : بەرەی تورکمانی و هەندێک پارتی دیکەی تورکمانی دەڵێن زۆرینەی هەندێک شاروشارۆچکە پێکدەهێنین وەکو کەرکوک و تەلەعفەر و تەنانەت هەولێریش ، بەلاّم ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان شتێکی پێچەوانەی ئەوەمان پێدەڵێن ؟**

سەعدەدین ئەرگێچ : لەو کەسانە بپرسە کە هۆکاری ئەوەن و چۆن ئەوەیان کرد ، من بۆ لە ڕاپرسی دەترسم ، چونکە لە هەڵبژاردنەکاندا بەکارهێنانی ترس و فشارو چەك و تەزویر هەبووە ، باهەڵبژاردن بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێت ، ئەگەر ئەنجامەکان بەو جۆرەبوو کەڕوویدا ئەوکاتە ئامادەم وەلاّمت بدەمەوە ، بەلاّم لای ئێمە ئەوەیە چەند CD یەکمان هەیە کە عەقڵ تەحەمولی ناکات چی لە کەرکوك ڕوویداوە ، دەڵێم تەلەعفەر تورکمانییە ، کەس نکۆڵی لەوە دەکات؟ ، ئەگەر هەبێت بڵێ "نەخێر" ، ئەوە گومانم لە عەقڵی هەیە ،هەولێریش پێشتر تورکمانی بوو ، ئەوەی ڕوویدا گەیاندی بەم حاڵەتە هەتا شەستەکانیش ، کەرکوکیش بەهەمان شێوە دیمۆگرافییەی گۆڕدرا ، کە هەمان دەستێوەردانی دەرەکی و هاوکارییە ، بۆ پاڵپشتی بێگانە وەردەگرن تاکو لامبەرن ولێم کەمبکەنەوە ، چ لەڕووی ئابووری بێت یان سیاسی ، تۆ دەپرسیت بەرەی تورکمانی لەگەڵ کۆماری تورکیادایە و نازانم چی..، منیش دەپرسم حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ کیّ هاوپەیمانن؟ ، ئایا پەیوەندییان نییە ، ئایا لە چل و شەستەکانەوە تاکو ئێستا پەیوەندییان هەیە یان نا ، بەڵگەیەك لەسەر ئەوە پیشان بدەن،لە مێژوومانەوە سەیربکەن ئێمە عێراقین و هەردەم دەوڵەتمان پیرۆزکردووە و پارێزگاری یەکێتی دەوڵەت دەکەین ، یەکێتی عێراق بەخاك و گەلەوە ، ئەوەی ئەوە پیشەی بێت تەنها گوێی لەدەنگی گەل دەبێت .

**لڤین: با بێینە سەر تەوەرێکی تر ، ئایا پێتان وایە PKK پارتێکی تیرۆریستییە و لەپێناو ڕزگاری نەتەوەکەیدا خەبات ناکات ؟**

سەعدەدین ئەرگێچ: من وانالێم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وا دەڵێت ، پرسیارەکان وادەگەیەنن کەتۆ بێلایەن نیت..!

**لڤین: نەخێر ، من بیّ لایەنم و تەنها پرسیارێکە و دەیکەم ؟**

سەعدەدین ئەرگێچ: براکەم لەهەموو جیهاندا بە تیرۆریست دانراوە .

**لڤین: پێشتر لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگادا ، لە تەلفزیۆنەکەتانەوە ئەوەتان ڕاگەیاند کە Pkk لە کەرکوک خەریکی کردەوەی تیرۆریستییە و هاتوون لە دژیبەرژەوەندییەکانی تورکمان کار دەکەن؟**

سەعدەدین ئەرگێچ: من سەبارەت بەوە هیچ لێدوانێکم نەداوە ، تۆ دەپرسیت بۆیە من پێت دەڵێم :من ناڵێم تیرۆریستن ، بەڵکو ئەمریکا و ئەورووپا و هەموو وولاّتان دەڵێن"pkk ڕژێمێکی تیرۆریزمییە".

**لڤین: دەنگۆی ئەوە هەیە کە سەرکردایەی کورد و سەرانی حکومەتی تورکیا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە سەرکردایەتی کوردستان هاوکاری pkk نەکات ، لە بەرامبەردا تورکیاش هاوکاری ئێوە نەکات ، ئەمە تاچەند ڕاستە ؟**

سەعدەدین ئەرگێچ: لەو باوەڕەدا نیم ، هیچ بەڵگەنامەیەك سەبارەت بەو ڕێککەوتنە هەبێت.

**لڤین: لەهەندێک میدیاوە باسی لێوە دەکرێت؟**

سەعدەدین ئەرگێچ: هیچ زانیاری شاراوەم سەبارەت بەرێکەوتنی ئەم نەتەوەیە لەگەڵ گروپە کوردییەکاندا نییە، بەلاّم ئێمە بەردەوام دەبین لە خەباتمان لە پێناو پاراستنی نەتەوەکەمان و یەکێتی عێراقدا، سەبارەت بەوەی لە دوای پەردەوە ڕوو دەدات پەیوەندی بەئێمەوە نییە ، ئەمە ڕێبازمانە و بەردەوام دەبین و بەمشێوەیەش دەمێنینەوە.

**لڤین: ئەگەر شتێکت مابێت و من نەم ووروژاندبێت یاخود شتێکمان لەیادچووبێت باسی بکەین ؟**

سەعدەدین ئەرگێچ: نەخێر..، ماشەڵلا هیچت لەبیر نەچوو، منیش ئەوەی لەتوانامدا بوو ووتم ، هیوادارم سەرکەووتووبن لە خزمەتکردنی حەق و دادپەروەری لە پێناوی گەلە زوڵملێکراوەکان و پشتگیری زۆر لێکراو لەدژی زۆر دار، هیوام ئەوەیە وناویش ناهێنم ، ناڵێم ئەم کەسە یان ئەو کەس ، بەلاّم کارکردن هەیە و ئێوەش لەو کارانەوە کە دەکرێت بە چاوی ئەقڵ نە وەکو بەچاوی سۆزەوە تەماشا بکەن ،چونکە هەندێك جار مرۆڤ سۆز ومەیلی بەلای نەتەوەکەیەوەیەتی و هاوسۆزێتی ، نەوەك ڕاستی ڕوودەداوەکان ، بۆیە تۆ لەبواری سیاسەت و ڕاگەیاندندا کار دەکەیت و ڕاگەیاندنیش فاکتەرێکی گرنگە بۆدەرخستنی حەق و راستی ڕووداوەکان و سەرپێچییەکان .